# کەرکوک بەرەو دوارۆژێکی نادیار

ناوی کتێب: کەرکوك بەرەو دوارۆژێکی نادیار

نووسینی: د. نوری تاڵەبانی

بابەت: لێکۆڵینەوەی سیاسی

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

هەڵەچنی: نیشتمان محەمەد

تیراژ: ١٠٠٠دانە

نرخ: ١٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٠١٥ ی ٢٠٠٩

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info
www.serdam.org

# کەرکوك
# بەرەو دوارۆژێکی نادیار

د. نوری تاڵەبانی

سلێمانی ٢٠٠٩

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٧٥ )**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

## کەرکوك بەرەو دوارۆژێکی نادیار

ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان داڕێژراوە، تا ئێستا کارێکی جیدی بۆ جێبەجێکردنی نەکراوە. ماددەی ٥٨ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، کە ئەویش بۆ هەمان مەبەست داڕێژرابوو، هەردوو حکومەتی عەللاویو جەعفەری بە جێبەجێ نەکراوی بەجێیان هێشت، سەرەڕای چەندین بەڵێنی زارەکیو نووسراویان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردیدا. ماوەیەك پاش دامەزراندنی حکومەتی مالیکیو بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کارکردنی حکومەتەکەی، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دامەزرا، بەڵام کارەکانی ئەم لیژنەیەش تا ئێستا بە سیستی بەڕێوە دەچێت. لەم ماوەیەدا چەند کۆبوونەوەو کۆنفرانسێك بۆ هاوکاریکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەو کارکردن بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوە. بەڵام

جگە لە وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بە باری ناهەمواری دانیشتوانانی ئەو ناوچانە، ئاکامێکی ئەوتۆیان نەبووە بەهۆی گوێ نەگرتنی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە داواکاریو ڕاسپاردەکانی ئەو کۆڕو کۆنفرانسانە.

ڕژێمی بەعس بەو هەموو تواناو دەسەڵاتی ماددیو سیاسیو سەربازییەوە بە بەرنامەو پلان سیاسەتی بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەی جێبەجێ دەکرد. هەڵوەشاندنەوەو کارکردن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری ئەو سیاسەتەش دەبێت بە بەرنامەی داڕێژراو بکرێت. نەبوونی بەرنامەو گیانی هاوکاری لەنێو هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەکاتی ڕزگارکردنی کەرکوکو ناوچە تازە ئازادکراوەکان هۆی ئەو بارە ناهەموارەیە کە ئێستاش ئاسەوارەکانی ماونو چارەسەرکردنیان قورستر بووە. ئەمریکاییەکان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣دا داوایان لە چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی خۆیان کرد پلانو بەرنامە دەربارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی کەرکوکو شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی، ئامادە بکەن. چەند مانگێك پێش ڕووخانی ڕژێم پرسیارم لە کەسانێکی نزیك لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان کرد کە لە لەندەن بوون سەبارەت بە پلانو بەرنامەیانو چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی چاوەڕوان دەکران، پاش چوونە ناو شاری کەرکوك.

وەڵامیان هەر ئەوەبوو هەردوولا هاوکارنو پێکەوە ڕووبەڕووی ڕووداوەکان دەبنەوە، چونکە سەبارەت بە کەرکوکو هەڵەبجەو ئەنفال ناکۆکی لەنێوانیاندا نییە. جێگای داخە لەسەر ئەرزی واقیع هاوکاریکردنیان بەوشێوەیە نەبوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە کەرکوکو تێکڕای ناوچەکە بە بارێکی ناخۆشدا تێپەڕێت. ئەوەی لەپاش ١٩٩١ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبەکان پەیدابوون بەهۆی ململانێی تەسکی حیزبایەتییەوە، لە کەرکوکو ناوچە تازە ئازادکراوەکانی دیکەی کوردستان لە نیسانی ٢٠٠٣ بەولاوە سەریهەڵدا. نزیکەی دە ڕۆژێك پاش ڕزگارکردنی کەرکوك لەگەڵ چەند کەسێکی دڵسۆزی خەڵکی کەرکوك یاداشتنامەیەکمان ئاڕاستەی سەرکردایەتی سیاسی کوردی کرد، تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی لیژنە یان دەستەیەکی هاوبەشمان کرد، کە نوێنەرانی ئەوانو چەند کەسێکی شارەزای خەڵکی ناوچەکە بەشداری تێدا بکەن، تاکو وەك تیمێکی هاوبەش بەڵام بە بەرنامە دەستبەکار بن بۆ ئاساییکردنەوەی باری کەرکوك، چاکترە لیژنەکە بە نهێنی ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام بدات، هەروەها ئاگادارمان کردنەوە کە ئامادەین دەستبەجێ بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، ئەگەر ئەو لیژنەیە دروست بکرێت. لایەنێکیان وەڵامی پۆزێتیڤی دایەوە، بەڵام لایەنەکەی دی وەڵامی نەبوو.

له سەرەتای ئەیلولی ٢٠٠٣ بە یەکجاری گەڕامەوە کوردستانو سەردانی کەرکوکم کردو چاوم بە کەسانێکی دڵسۆزی ئەو شارە کەوت. هەروەها دانیشتنێکی دوو سەعاتیم لەگەڵ هەردوو بەرپرسی CPA لە کەرکوك کرد، کە ئەفسەرێکی ئەمریکیو خانمێکی بریتانی بوون، دەرکەوت زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی ناوچەکە نییەو بیر لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك ناکەنەوە، مەگەر لە هەندێك وردەکاریدا. بە پێچەوانەوە گلەییان لە کورد دەکرد کە ئاڵای کوردستان لە هەموو شوێنێك هەڵدەکەن، ئەوەش گرفتیان بۆ دروست دەکات!

ئەو کەسانەی لە کەرکوك چاوم پێکەوتن هەموو پشتگیرییان لە دامەزراندنی ئەو لیژنە دەکردو دەیانزانی کاروباری ناو شارو دەوروبەری بە شێوەیەکی ناڕێك بەڕێوە دەچێت. هەر لەو دەمەوە کەسانێك خەریکی دروستکردنی خانووی "تەجاوز" بوون بە شێوازێکی زۆر ناڕێك لەسەر زەوی شارەوانیو میری، مەترسی ئەوەش هەبوو کە زێدەڕەوی تەشەنە بکات. لە ٢٢ی ئەو مانگەدا یاداشتنامەیەکم پێشکەش بە سەرکردایەتی سیاسی کوردی کرد، تێیدا جارێکی دیکە پێشنیازی دامەزراندنی ئەو لیژنەیەم لێکردنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك. لە یاداشتنامەکەدا ئاماژەم بۆ دیاردەی زێدەڕەویش کردبوو، کە کەسانێك ئاوارە نین، بەڵام بەناوی ئەوانەوە دەست بەسەر زەوی ئەمو ئەودا دەگرن،

بەشێکیان خەریکی خانوو دروستکردنن بە نارێکی (هەر کەسە بۆ خۆی)، بەبێ مۆڵەت، بێئەوەی ئاوو کارەباو جادەو ئاوەڕۆیـان بـۆ دابـین بکرێـت، ئەگەر بەزوویی چارەسەرنەکرێت، لـە دوارۆژدا کێـشەکە گـەورەتر دەبێـت، وەك ئــەوەی لەبەشــی زۆری شــارو شارۆچــکەکانی دیکــەی کوردســتان سەریهەڵدابوو. لـە یاداشـتنامەکەدا پێـشنیازم کردبـوو کـە وا شـارەوانی کەرکوك سەرەتا دوو تـا سـێ هـەزار پارچـە زەوی دابـەش بکـات بەسـەر ئاوارەکاندا، بەمەرجێك یارمەتی بدرێن لەلایـەن هـەردوو ئیدارەکـەوە تـا بەپێی نەخشەیەك لەلایەن شارەوانییەوەو لەژێر چاودێری ئـەودا جێبـەجێ بکرێت، خانوو دروست بکرێت. دەبێت جاددەو ئاوەڕۆو ئاوو کارەبایان بۆ دابین بکرێت، لەگەڵ دروستکردنی قوتابخانەو مەڵبەنـدی تەندروسـتی. لـە یاداشتنامەکەدا پێشنیازی ئەوەش کرابوو کە ئەو دوو ئیدارەیـە دەتـوانن مەبلـەغێك پـارە تـەرخان بکـەن بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵـە خانووێـك لـە چەشـنی ئەوانـەی لـە سـەرەتای شەسـتەکاندا (عەبدولکـەریم قاسـم) لـە گەڕەکی (سەورە)، دروستی کردبـوون. ئـەو ئاوارانـەی ئـەو خانووانـەیان بەسەردا دابەش دەکرێت نابێت لەماوەی دە ساڵدا بیفرۆشـن یـان بـەکرێی بدەن[1]. جێبەجێکردنی یەکێك لەو دوو پێشنیازە دەبووە هۆی ئـەوەی لـە

[1] دەقی ئەو یاداشتنامەیە لە هەفتەنامەی (هاوڵاتی) ژمارە (١٤٧)ی ٢٩ی تشرینی

ئاینده‌دا هیچ لایه‌نێك نه‌توانێت ڕه‌خنه له‌ شه‌رعییه‌تی دروستكردنی ئه‌و خانووانه‌ بگرێت. وه‌ك ئێستا له‌سه‌ر ئاستی ناوه‌وه‌و ده‌ره‌وه‌دا قسه‌ی له‌سه‌ر ده‌كرێت[٢]. له‌ ڕاستیدا ئه‌و لیژنه‌یه‌ ده‌بووه‌ هاوكارێكی چاك بۆ ئه‌ندامه‌ كورده‌كانی "ئه‌نجومه‌نی حوكم"و ئه‌ندامه‌ كورده‌كانی ئه‌نجومه‌نی پارێزگای كه‌ركوك تاكو به‌ شێوه‌یه‌كی باشتر ئه‌ركه‌كانی سه‌رشانیان جێبه‌جێ بكه‌ن، به‌تایبه‌تی له‌ كۆبوونه‌وه‌كانیان له‌گه‌ڵ لێپرسراوانی ئه‌مریكیو حكومه‌تی عێراقی دا.

هه‌موو ده‌زانین ئه‌وه‌ی له‌ سه‌ره‌تای ڕزگاركردنی كه‌ركوكو ناوچه‌ دابڕاوه‌كانی دیكه‌ی كوردستان ده‌كرا، ئێستا ناكرێت یان به‌بێ كێشه‌ ئه‌نجام نادرێت. له‌ڕووی ئه‌منییه‌وه‌ باری كه‌ركوكو ئه‌و ناوچانه‌ ڕۆژ له‌گه‌ڵ ڕۆژدا به‌ره‌و خراپتر ده‌چێت. یارمه‌تیدانی ئاواره‌كانو نیشته‌جێ كردنیان ئاسته‌نگیان بۆ دروست ده‌كرێت. ته‌قینه‌وه‌ پێشتر له‌ كه‌ركه‌ك نه‌بوو یان زۆر كه‌م بوو، به‌ڵام ئێستا بووه‌ به‌ دیارده‌یه‌كی ئاساییو له‌ زیادبووندایه‌. به‌ڕێوه‌به‌ری ژووری چالاكی هاوبه‌شی پۆلیس له‌ كه‌ركوك ده‌ڵێت:

---

یه‌كه‌می ٢٠٠٣دا، بڵاوكراوه‌ته‌وه‌.

[٢] پارێزگای كه‌ركوك له‌ ساڵی ٢٠٠٤دا سه‌فه‌رێكی ئه‌مه‌ریكای كرد، وه‌ك بۆی گێڕامه‌وه‌، چه‌ند جارێك پرسیاری چۆنییه‌تی دروستكردنی ئه‌و خانوانه‌یان لێكردبوو، بۆچی ته‌نیا له‌ گه‌ڕه‌كه‌ كورد نشینه‌كان ئه‌و خانوانه‌ دروستكراون؟

"کەرکوك ئێستا بووەتە بەرداشی نێوان هەرێمو بەغداد، نە هەرێم گرنگی بە هێزی ئەمنی ئەم شارە دەداتو نە بەغداش هێزمان بۆ زیاد دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٦دا (٢١٥٣) کەس کوژراو بریندار بوون کە بەشێکی زۆریان سەر بە هێزی پۆلیسو سوپاو ئاسایش یان فەرمانبەرن"[٣].

نەبوونی خزمەتگوزاری کەرکوکی کردووە بە شارێکی زۆر دواکەوتوو، سەیریش لەوەدایە کونسوڵی ئەمریکی لە کەرکوك دەڵێت تا ئێستا (کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦) ٨٠٠ ملیۆن دۆلارمان لە کەرکوك خەرج کردووە[٤]. هەردوو ئیدارەکە کە پێش یەکگرتنەوەیان، هەریەکە بە شێوازێك پارەیان لە کەرکوكو ناوچەکانی دیکەدا خەرج دەکرد، بەڵام بەمەبەستی تایبەتی خۆیانو بەبێ بەرنامەو هاوکاریکردن لەگەڵ ئیدارەکاندا.

ئەمڕۆ کە لەسەر ئاستی ناوەوەو ناوچەکەو نێو دەوڵەتیشدا، باس لە پاشەڕۆژی کەرکوكو دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەکرێت. پڕوپاگەندەیەکی زۆر کراوەو دەکرێت سەبارەت بەوەی کە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی ئاڵۆزیو

---

٣ (کوردستان ڕاپۆرت)، ژمارە (١٢٨) لە ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧.

٤ (ئاوێنە)، ژمارە (٥١)ی ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧.

تەقینەوە لە عێراقو هەموو ناوچەکەدا. ڕاپۆرتی بەیکەر- هاملتۆن بەندێکی نێگەتیڤی بۆ کێشەی کەرکوك تێدایە، ئەویش دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ماوەیەکی نادیار.

پتر لە ٣ ساڵە دەسەڵاتی کوردی چاوی لە حکومەتی بەغدایە پارە تەرخان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوكو ناوچەکانی دیکەی کوردستان. هەر سێ سەرۆکی حکومەتەکانی عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێم سەر بە دوو لایەن بوون، (حیزبی دەعوە) کە حیزبێکی عروبەویيو مەزهەبییە، لەگەڵ گروپی (ویفاقی عێراقی) کە سەرۆكو بەشی هەرە زۆری ئەندامەکانی کۆنە ئەندامی حیزبی بەعس بوون. هەڵوێستی هەردوولایان بەرامبەر دوارۆژی کەرکوك دیارەو شاراوە نییەو پێشتر ڕاشکاوانە خستوومانەتە بەر چاو[5]. ئەگەر ئەوان جاران، وەك بەشێك لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەوە هەڵوێستیان بووبێت، ئایا چاوەڕوان دەکرێت پاش ئەوەی بوونەتە خاوەن دەسەڵات لە عێراقدا هەڵوێست بگۆڕن و لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بن بە شێوازێکی قانوونيو عادیلانە؟ ئەوان بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان داوەو ئێستاش هەوڵ

[5] دەربارەی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی سەبارەت بە پاشەڕۆژی کەرکوك، تەماشای ئە و بابەتە بکە کە لە کۆنفرانسی بەرلین لە تەمووزی ٢٠٠٢دا بەسترابوو، پێشکەشم کردووە لەژێر هەمان سەر دێڕدا، (باسەرە)، ژمارەی (١٧)، ٢٠ی ئابی ٢٠٠٣

دەدەن کە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دوابخرێت بۆ ئایندەیەکی نادیار، ئایندەیەك کە تێیدا باری سیاسیو ئەمنی لە عێراقدا سەقامگیر بێت تا بە شێوازی خۆیان "چارەسەری" دوارۆژی کەرکوك بکەن. جیاوازی لەنێو ئەجیندەی ئەوانو دەوڵەتانی ناوچەکە سەبارەت بە دوارۆژی کەرکوك هەر ڕووالەتییە. لایەنی کوردیش تا ئێستا نەیتوانیوە قەناعەت بە ئەمریکاو هاوپەیمانانی بکات کە دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق باری ناوچەکە ئالۆزتر دەکاتو باری ئەمنی لە عێراقو کەرکوك بەرەو مەترسی دەبات.

نەیارانی کورد دەمێکە هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەدەن، پێش بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەیکەر- هاملتۆن. چەند کۆنفرانسو کۆبوونەوەیەك لە ناوەوەی عێراقو لە دەرەوەدا بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراون. هەروەها چەند ڕێکخراوێکی بەناو حکومی کە نوێنەریان چەند جارێك سەردانی کوردستانی کردووە، دەمێکە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکەن[٦]. لەو دەمەوە کە ماددەی ١١٩ی دەستووری عێراق ڕێگای بە دامەزراندنی هەرێمێك داوە پێکهاتبێت لە یەك پارێزگا،

[٦] Nouri Talabany, The Kurdish Case for Kirkuk, 'Middle East Quarterly', Winter ٢٠٠٧, Volume XIV Number ١.

ئەگەری نەخستنی پارێزگای کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ئارادایە. نەیارانی کورد بە "دۆست"و نادۆستەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ناوچەی کەرکوك نەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. ماوەیەك پاش پەسەندکردنی ئەو دەستوورە، عەباس بەیاتی سەرۆکی حیزبی یەکییەتی عێراق ڕاشکاوانە گوتی ماددەی ١١٩ی دەستووری عێراق تایبەتە بە پارێزگای کەرکوك!

لایەنە سیاسییەکانی عێراقی، بە تایبەتی لیستی (ئیتلافی عێراقی) هەموو دەم بە بەرنامە کاریان کردووەو سەرکەوتنیشیان بەدەستهێناوە. ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراقدا پێش ئەوەی باروودۆخی ئەمنی لەو وڵاتەدا سەقامگیر بێت، گەورەترین دەستکەوت بوو بۆ ئەوان. فەتوایەکی ئایەتوڵڵا سیستانی ئەمریکییەکانی ناچار کرد بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن بدەن لە عێراقدا. ئەمەش بە پێچەوانەی هەڵوێستی لایەنی کوردی، کە هەمیشە دۆستی هاوپەیمانان بوونو تا ئێستاش هیچ جۆرە کێشەو گرفتێکیان بۆ دروست نەکردوون نە لە کوردستانو نە لە عێراقدا. نەبوونی بەرنامەو ستراتیژ زۆر جاران وای لەلایەنی کوردی کردووە پاش ڕووداوەکان بکەوێت. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەیکەر - هاملتۆن بۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنی کوردی ئەو ڕاستییە تاڵەی بۆ دەرخستین.

چۆنییەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی لەو سەقفە زەمەنییەی لەو ماددە دەستوورییە بۆی دیاریکراوە ئیمتیحانێکی دیکەیە بۆ سەرکردایەتی کوردی. ئەمجارە دەبێت بە بەرنامە کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکات، لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەدا.

کورد پێشتر دەرفەتی زۆری لە دەست چووە، بەڵام دەرفەتی دیکەشی بەدەستەوە ماوە کە سەرکردایەتی کوردی دەتوانێت بەکاریان بێنێت، چونکە ئێستاش سەنگی کورد قورسە لەسەر ئاستی عێراقو ناوچەکەدا. بەبێ بەشداریکردنی کورد هیچ کێشەیەك لە عێراقدا چارەسەر ناکرێت. دیاریکردنی دواڕۆژی کەرکوكو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەندە بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا لە عێراقو ناوچەکەدا، بەڵام بە بەرنامەو بە پتەوکردنی یەك ڕیزی لەنێو هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، هەموو کوردستان. بە پێچەوانەوە، جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق لەو ماوەی بۆی دیاریکراوە، مانای لە دەستدانی ئەو ناوچانە دەبەخشێت. بەرپرسیارێتی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەك، بە تایبەتی ئەو لایەنانەی دەسەڵات بەدەستن لە کوردستاندا.

---

* ئەم بابەتە لەو کۆنفرانسەی کە (دەستەی پشتیوانی کەرکوك) لە لەندەن لە ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧دا ڕێکیخستووە، پێشکەشکراوە.

# کێشەی کەرکوك
# تەنیا بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠
# لەو ماوەی بۆی دیاریکراوە چارەسەر دەکرێت

چەند لایەنێکی سیاسی عێراقی، بە تایبەتی لیستی (العراقیە)ی دکتۆر عەللاویو لیستی سوننەی عەرەب داوای دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی دەکەنو سەفیری ئەمریکا لە UN زەلمای خەلیلزاد پێشنیازی سەرپەرشتیکردنی ئەو دامەزراوە نێو دەوڵەتییە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك. ئەمە یەکەم جار نییە پێشنیازی دواخستنی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دەکرێت، چەند لایەنێکی سیاسی دیکەی عێراقیو چەند

دەوڵەتێك لە ناوچەکەداو ڕێکخراوی بەناو ناحکومیو ڕاپۆرتی بەیکەر-هاملتۆن پێشتر هەموویان داوای دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠یان کردووە. جیاوازی لەنێو هەردوو حاڵەتەکەدا گەر هەبێت لەوەدایە ئەمجارەیان لایەنێك کە خۆی بە "دۆستی" کورد دەداتە قەڵەم ئەو پێشنیازەی کردووەو خەریکی لۆبیکردنە تا لایەنی سیاسی دیکە پشتگیری لە داخوازییەکەی بکەن.

ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق تایبەت نییە بە کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چەند ناوچەیەکی دیکەی عێراقی داڕێژراوە کە سنووری بەڕێوەرایەتییان لە سەردەمی حوکمی بەعسدا دەستکاری کراونو دەبێت بەپێی ئەو ماددەیە چارەسەر بکرێن.

ماددەی ١٤٠ میکانیزمێکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دیاریکردووەو دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت. ئەو لایەنو دەوڵەتانەی پێشنیازی دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکەن دەزانن ئەو ماددەیە لە دەستووردا هاتووەو ماوەی جێبەجێکردنی بۆ دیاریکراوە، بەڵام ڕەوشی ئەمنی لە کەرکوك کە گوایا بووە بە "بەرمیلێکی باروتو چاوەڕێی تەقینەوە دەکات"، لەگەڵ ئەگەری دەست تێوەردانی سەربازی لەلایەن تورکیاوە ئەگەر ڕیفراندۆم لە

کۆتایی ۲۰۰۷دا ئەنجام بدرێت بیانووە بۆ پێشنیازەکەیان. هەمووشیان بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن کە کورد بۆیە داوای کەرکوك دەکات چونکە چاوی لە نەوتەکەیەتی‌و نیازی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەیە! پێشنیازەکەیان جگەلەوەی بە پێچەوانەی ماددەی ۱٤۰ی دەستووری عێراقییە، قبوولکردنی دەبێتە هۆی توندوتیژی زیاتر لە کەرکوك‌و ناوچەکەدا، چونکە ئەگەر تا ئێستا زۆربەی دانیشتوانی کەرکوك بەبێ دەنگی مابێتەوە تەنیا لەبەرئەوەیە چاوەڕێی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکەن، کە دەبێت پێش دیسەمبەری ساڵی ۲۰۰۷ کۆتایی پێ بێت. کەواتە دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە باری ئەمنی کەرکوك بەرەو خراپتر دەبات، نەك بەو شێوازەی ئەوان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن. دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت کە باری ئەمنی لە کەرکوك بەو چەشنە نییە کە ئەو لایەن‌و دەوڵەتانەو میدیای عەرەبی پڕوپاگەندەی بۆ دەکات، بە مەبەستی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی بریتانی لە ۲٥ نیسانی ۲۰۰۷دا لە لەندەن سازکرابوو دەربارەی کێشەی کەرکوك، پرسیاری بەشی زۆری بەشداربووان دەربارەی باری ئەمنی لەو شارەدا بوو. وتم باری ئەمنی لە کەرکوك باش نییەو کەسیش نکۆڵی لەوە ناکات، بەڵام لە زۆر جێگاکانی دیکەی عێراق باشترە، وەك بەغدای پایتەخت‌و رومادی‌و

دیالەو موسڵو تکریت. ئەو بارودۆخە خراپەش کە باسی لێ دەکرێت هەموو شاری کەرکوك ناگرێتەوە، چونکە لەو بەشەی کە زۆرتر کوردی تێدا دەژی باری ئەمنی بەو شێوەیە نییە. هێرشی ئێستای هێزە سەربازیو ئەمنییەکانی عێراقیو ئەمریکایی بووەتە هۆی ئەوەی بەشێك لە گرووپە تیرۆریستییەکان بەغداو ناوچەکانی دیکەی عێراق بەجێبێڵنو ڕووبکەنە کەرکوكو دەوروبەری. میدیای عەرەبی، تا ڕادەیەکی کەمتر میدیای جیهانی، هاوکاری ئەو گرووپە تیرۆریستیانە دەکەن بە بڵاوکردنەوەو گەورەکردنەوەی ئەو کارە تیرۆریستیانەی لەو ناوچانەدا دەکرێن.

ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراق، کە پێشتر ماددەی ٥٨ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بوو، بەڕوونی ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکی دیاریکردووە. حکومەتی مالیکی لە بەندی ٢٢ی بەرنامەی حکومەتەکەیدا جەختی لەسەر پابەندبوونی بە جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییەوە کردۆتەوە، بەڵام پرسیار لەوەدایە بۆچی تا ئێستا کارێکی جیددی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە نەکراوە؟ ئەو بەندەی لە بەرنامەی حکومەتدا هاتووە بۆ تا ئێستا وەك نووسینێکی سەر کاغەز ماوەتەوە؟ ئایا ئەوەی حکومەتی عێراق تا ئێستا جێبەجێی کردووە دەچێتە خانەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەوە؟ یان چەند

لایەنێکی بەرپرس بە پێچ و پەنا هەوڵی جێبەجێ نەکردنی ئەو ماددەیە دەدەن؟ ئەگەر کار بەوجۆرە بڕوا ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسی کوردی چۆن دەبێت؟ ئەمانە چەند پرسیارێکن لەلای کەسانێکی زۆر کۆبوونەتەوەو پێویستە ڕوونبکرێنەوە، بەڵام ڕاشکاوانە، و بە کردەوە لەسەر ئەرزی واقیع. هەموو دەمێك وتوومانە کات بەسەرچوون لە بەرژەوەندی کوردو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نییە. ئەرکی ئێمە ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لەوەی دەیبینینو هەستی پێدەکەین. لەگەڵ جەخت لەسەر سەرکردەکان تا بە هەڵوێستی دیارو بەرچاو نەك بە قسەی زارەکی، گوشار بخەنە سەر حکومەتی بەغداو گوێ بۆ داواکارییە ناڕەواکانی ئەو دەوڵەتو لایەنانە نەگرن کە داوای دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکەن، بۆ ساڵێك بێت یان زیاتر، بۆ دروستکردنی هەرێمێکی تایبەت بە کەرکوك هەتا بۆ ماوەیەکی بەناو دیاریکراو. عەباس بەیاتی دەمڕاستی "ئیئتلافی شیعە"و بەرپرسی یەکەمی حیزبی ئیسلامی تورکمانی عێراقی، ماوەیەکی کەم پاش پەسەندکردنی دەستووری عێراق ڕاشکاوانە وتی ماددەی ١١٩ی دەستوور بۆ ناوچەی کەرکوك داڕێژراوە! لە کۆنفرانسێکدا لە لەندەن لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ٢٠٠٥دا بەسترابوو دەربارەی مەسەلەی کەرکوك، قسەکانی عەباس بەیاتیم بەبیر بەشداربووان هێنایەوەو وتم هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراقی "دۆست"و نا

دۆستیان کار بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکەن، هەروەها باس لە دروستکردنی هەرێمی نوێ لە ناوچەی کەرکوک دەکەن بەپێی ماددەی ١١٩. کەواتە ئەو هەوڵو تەقەلایانەیان تازە نییە، بەڵام بە بەرنامە کاری بۆ دەکەن، ئێمەش بە قسە کات بەسەردەبەین بێئەوەی جێی پەنجەمان دیار بێت.

لە ڕۆژنامەو میدیاکانی کوردستانو دەرەوەدا دەمێکە بە بەردەوامی بابەتی جۆراوجۆر لەسەر پاشەڕۆژی کەرکوک بڵاودەکرێنەوەو بۆچوونی جیاواز دەخرێنە بەرچاو. ئەگەر هەموو لایەك لەسەر شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان کۆك بن، دەبوو بەهەمان شێوە وەڵامی ئەو لایەنانە بدرێتەوە کە هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەدەن، چونکە مەسەلەی کەرکوك مەسەلەیەکی نەتەوەییو چارەنووسسازە، بەتەنیا هی کاربەدەستو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نییە، بەڵکو هی هەموو کوردە لە هەر جێگاو شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت. کاتێکی زۆر بەسەرچووەو دەبێت خەریکی خۆئامادەکردن بین بۆ بەدەستهێنانی خەرمانێکی بەناو بەپیتو بەرەکەت! هەندێك دەڵێن خەرمانی کەرکوك لە پووش بەولاوە هیچی تێدا بەدی ناکرێت! هەندێکی دیکەش دەڵێن خەرمان تا هەموو دەغڵەکە کۆنەکرێتەوە ناتوانین بڵێین باشە یان خراپ!

لە سیاسەتدا، بە تایبەتی بۆ کێشەیەکی گەورەی وەك دیاریکردنی پاشەڕۆژی کەرکوك ناشێت چاوەڕێی کۆکردنەوەی هەموو دەغڵەکە بکەین تا بڵێین خەرمانەکەمان بە بڕشتە یان نا؟ مەسەلەی کەرکوك بە شێوەیەکی تایبەت تەماشا دەکرێت، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی تایبەت چارەسەر بکرێت. ئەگەر ئەمجارە بە شێوەیەکی ڕەوا یەکلایی نەکرێتەوە، ئەگەری لە دەستدانی کەرکوك لە ئارادایە. کاتێکی زۆر بەفیڕۆ چووەو دەکرا لەماوەی چوار ساڵی ڕابوردوودا پاشەڕۆژی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان ئێستا لە دواقۆناغی چارەسەرکردندا بووایە، بەڵام دەبێت تا پێمان دەکرێت هەوڵی چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی ئاشتیانە بدەین، بەپێی خودی دەستووری عێراق کە ماددەی ١٤٠ ڕێگای چارەسەرکردنی دیاریکردووە. سەرکردایەتی سیاسی کوردی دەبێت بە قسەو بە کار سووربوونی خۆیان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەو ماوەی بۆی دیاریکراوە بسەلمێنێت لەگەڵ حکومەتی عێراقو لایەنە سیاسییەکانی عێراقیو بەرپرسە ئەمریکاییەکان. لایەنی کوردستانی ئێستاش سەنگی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقی قورسەو بەبێ بەشداریکردنی حکومەتی مالیکی دەڕوخێتو عێراق بەرەو دواڕۆژێکی نادیار دەڕوات. ئەو سەنگەی دەبێت بەگەڕخا ئەویش بە ئاگادارکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییە پەیوەندیدارەکان کە دواخستنی

جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە ئەجێندەی ئەودا نییە. هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێت ئاگادار بکرێنەوە لەو هەنگاوانەی دەینێنو داوای پشتگیرییان بکات، چونکە بەبێ هاوکاریو پشتگیریکردنی ئەوان سەرکەوتن بەدەست نایەت.

لە کەرکوك کاتی ئەوە هاتووە کوردایەتی پێش حیزبایەتی بخرێتو حکومەتی هەرێمی کوردستانو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەبێت هاوکاری جیددی ماددیو مەعنەوی ئیدارەی کەرکوك بکەن، بەبێ دەستێوەردان لە کاروباری ئیدارەدا.

بەرنامەی حکومەتی مالیکی چەند قۆناغێکی دیاریکردووە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە دەبێت داوای جێبەجێکردنیان بکرێن، لەسەرووی هەموویانەوە گەڕانەوەی ئەو چوار قەزایەی کە لە ساڵی ١٩٧٦دا بە بڕیارێکی ناڕەوا لە پارێزگای کەرکوك دابڕاون. گەڕانەوەی ئەو چوار قەزایە بۆ سەر سنووری ئیدارەی پارێزگای کەرکوك گەڕانەوەی کەرکوك بۆ باوەشی کوردستان مسۆگەر دەکات.

ماددەی ١٤٠ ئاماژەی تێدا نەکراوە بە بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بەو شێوەی سەفیری ئەمریکا لە UN باسی لێدەکات، چونکە جارێ کێشەکە نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەی بەپێی ماددەی ١٤٠ چارەسەرنەکرێتو پێویست بە

بەشداریکردنی ئەو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە بکات. ئەو پڕوپاگەندانەی سەبارەت بە تێکچوونی باری ئەمنی کەرکوك بڵاودەکرێنەوە ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت بێ بنەمانو بۆ چاوترساندنی کوردە. جێگای داخە ئەگەر بڵێین هەر کێشەیەك ئەو دامەزراوە نێو دەوڵەتییە دەستی بەسەردا گرتبێت، سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆییەو پێویستی بە دەستێوەردانی UN نییە، بەڵام هەر دەمێ هەموو بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێنو کار بگاتە سەر ڕێکخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم، دەکرێ داوای هاوکاری UN بکرێت تا ئەویش بەشداری لە ڕێکخستنی ئەو پرۆسە قانوونییە بکات. بەشداریکردنی UN دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند بن بە ئاکامەکانی ڕیفراندۆم، هەروەها ئەو دەزگا نێو دەوڵەتییە دەبێتە شایەتحاڵ بۆ مەحکومکردنی ئەو لایەنەی کێشە دروست دەکات، یان هەر بیانوویەك بێت، بەشداری لە پرۆسەکە ناکات. ئەم پێشنیازە پێشتر لەو کۆنفرانسەی کە لە لەندەن لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٥دا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك بەسترابوو خراوەتە بەرچاو.

---

هەولێر، ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٧.

## کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت، لەگەڵ دکتۆر نوری تاڵەبانی

"کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت" بریتییە لە چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی کەرکوك دەربارەی بارودۆخی کۆنو تازە لەو شارەدا، لە سەرەتای ۲۰۰۷دا لەلایەن مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك.) ئامادەکراوەو بڵاوکراوەتەوە. چەند پرسیارێك ئاراستەی نوری تاڵەبانی کراوە، لێرەدا پوختەی ئەو چاوپێکەوتنە بڵاودەکەینەوە.

پرسیاری یەکەم دەربارەی خۆیو بنەماڵەکەیەتی.

و: لە بنەماڵەیەکی ئاینی ناسراوی کەرکوك، کوڕی شێخ جەمیلی تاڵەبانیم، کە شێخی ئیرشادی تەکیەی تاڵەبانی بوو. ئەو تەکیە لە کەرکوك بە تەکیەی گەورە، بە تورکمانی بە (بیوك تەکیە) دەناسرێت،سەرچاوەی تەکیەکانی تاڵەبانییە لە بەشەکانی کوردستانو دەرەوەی کوردستانیش. لە منداڵییەوە پێم خۆشبوو لە کۆڕی پیاوانی گەورەو بەتەمەن دابنیشمو گوێ لە قسەکانیان بگرم، هەندێك لەو قسانەم

له بیر ماوه، پێم باشه بیانگێڕمەوه تا ئەوەی تازەش ئاگاداری ئەو بەسەرهاتوو و ڕووداوانه بن.

## قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕان:

له قوتابخانەی سەرەتایی "ئیمام قاسم"ی کوڕان خوێندنی سەرەتاییم تەواوکردووه، قوتابییەکانو بەشی زۆری مامۆستاکان کورد بوون، بەڵام به زمانی عەرەبی تێنەدەگەیشتین، مامۆستاکان ناچار دەبوون به کوردی دەرسەکانمان بۆ ڕوون بکەنەوه. له قوتابخانەی ناوەندیو دواناوەندی قوتابی تورکمانو عەرەبو کلدانو ئاشوریو ئەرمەنی لێبوو، بەڵام ژمارەی قوتابییه کوردەکان زیاتر بوو. بەشێك له قوتابییه عەرەبەکان منداڵی فەرمانبەرو ئەفسەرانی فیرقەی دوو له سوپای عێراق بوون، که مەڵبەندەکەی له کەرکوك بوو. قوتابخانەی دواناوەندی کەرکوك تەنیا قوتابخانه بوو له ئوستان (پارێزگا)ی کەرکوك، لەوێدا پێکهاتەی نەتەوەیی کەرکوك بەدی دەکرا، له شارۆچکەکانی کفریو دوزو چەمچەماڵو حەویجه قوتابیانی ئەو قۆناغه ڕوویان تێدەکرد بۆ تەواوکردنی خوێندنیان.

## کێشەی ناوخۆی خوێندکاره تورکمانەکان:

لەناو قوتابیاندا دووبەرەکی‌و کێشەی ئەتنی کەم بوو، بەڵام لەنێو قوتابییە تورکمانەکاندا جاروبار گوێمان لە دەنگە دەنگ دەبوو لەکاتی پشوودانداا، بەشێکیان سەر بە حیزبی جەلال بایارو ئەوانی دیکە سەر بە حیزبی عیسمەت ئینەنۆ بوون! جەلال بایار لەو سەردەمە سەرەك كۆماری تورکیا بوو، حیزبی عیسمەت ئینەنۆ کە حیزبەکەی مستەفا کەمال بوو، حیزبی ئۆپۆزیسیۆن بوو.

هەندێك بیرەوەری‌و ڕووداوی باس نەکراوتان بۆ دەگێڕمەوە. لە ساڵی ١٩٥٤دا ڕێکەوتننامەی سەربازی دوو قۆڵی نێوان حکومەتی عێراق‌و تورکیا مۆرکرا، سەرەك وەزیرانی ئەو سەردەمەی تورکیا (عەدنان مەندریس) سەردانی عێراقی کرد، پێکەوە لەگەڵ سەرەك وەزیرانی عێراق نوری سەعید بە شەمەندەفەر هاتنە کەرکوك. جگە لە کاربەدەستانی حکومەتی، بەشێك لە تورکمانەکان چووبوون بە پیریانەوە بۆ مەحەتەی شەمەندەفەری کەرکوك. دەیانگێڕایەوە کاتێك میوانەکان گەیشتوون، قەسابێکی تورکمان بە خۆی‌و بەرخێکەوە چووەتە بەردەم عەدنان مەندریس بە مەبەستی سەربڕینی لەژێر پێیدا، بەڵام پێی وتووە "گەورەم، خۆم لەژێر پێتا سەربڕم یان ئەم بەرخە"! هەڵوێستی ئەو قەسابە نەخوێندەوارو نەزانەو چەندەها کەسی وەك ئەو هۆیەکەی پڕوپاگەندەی ڕادیۆی ئەنقەرە بوو کە بڵاویدەکردەوە تورکمان‌و کەرکوك

بەشێکن لە تورکیای دایک. هەر لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا، شەقامێکی گرنگ لە کەرکوك لەلایەن شارەوانییەوە بە شەقامی "سیروان" ناولێنرا. سەرۆکی شارەوانی پارێزەر شێخ فازیل تاڵەبانی بوو، تورکمانە توندڕەوەکان کردیانە هەڵلا، گوایا چۆن دەبێت لە شارێکی وەك کەرکوك شەقامێك بەناوێکی کوردییەوە ناوبنرێت! لە ڕۆژنامەکانی تورکیاو هەتا عێراقیش شتی ناڕەوایان دژ بە سەرۆکی شارەوانی بڵاودەکردەوە، وەك ئەوەی ئەو شەقامەی بە ناوی کوڕەکەیەوە ناولێنراوە! ئەوە یەکەم شەقام بوو لە کەرکوك کە ناوێکی کوردی هەبێت.

**دەرخستنی کێشەی کەرکوك لەناو شارەکەدا:**

دووبەرەکیو ناتەبایی نەتەوەیی لەنێو کوردو تورکمان پاش ١٩٥٨ پەرەی سەند. لە تەموزی ئەو ساڵەدا بەکالۆریۆسم لە کۆلێژی ماف (حقوق) لە زانکۆی بەغداد وەرگرتو گەڕامەوە کەرکوك. پاش چەند مانگێك، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بۆ یەکەمجار گەڕایەوە کوردستان. شەوێك لە کەرکوك مایەوە بوو بە میوانی سەرکردەی فیرقەی دوو، جەنەراڵ نازم تەبەقچەلی لە (یانەی ئەفسەران). کوردی کەرکوك بە گەورەو بچووكو هەموو چینو توێژەکانیانەوە دەچوونە

لای بۆ بەخێرهاتنەوەکردنی. کۆمەڵێك لاو بووین تا شەو لەلای ماینەوە بۆ پێشوازیکردن لە خەڵك. خوالێخۆشبووان هەمزە عەبدوڵڵاو ساڵح بەگی میرانی لەگەڵیا بوون. ڕۆژی دواتر بەرەو هەولێر تا شارۆچکەی (پردێ) بەڕێمانکرد، پاش گەڕانەوەشی بۆ کەرکوك چوو بۆ سلێمانی، تا (قەرەهەنجیر) لەگەڵیا بووین. کاتێك لە سلێمانی گەڕایەوە، شەوێکی تر لە کەرکوك مایەوە، لە فرۆکەخانەی سەربازیی کەرکوك بەرەو بەغدا گەڕایەوەو جارێکی تر خەڵکێکی زۆر لەگەڵیا چووین بۆ بەڕێکردنی. ئامر ئینزیباتی فیرقەی دوو، کە ئەفسەرێکی تورکمان بوو (هیدایەت ئەرسەلان)، بەناوی فیرقەوە هاتبووە فرۆکەخانە بۆ بەڕێکردنی، بەڵام لە فرۆکەخانە کتوپڕ نەخۆش کەوتو لەڕێگای نەخۆشخانەدا دڵی لە ڕاوەستان کەوت. ئەو ئەفسەرە کاتی خۆی بەشداری لە بەشی زۆری شەڕەکانی دژ بە بارزانییەکان کردبوو، دەیانگوت لە غەما دڵی لە ڕاوەستان کەوتووە! کوڕێکی قوتابی بوو لەگەڵما ناوی (ساتیع ئەرسەلان) بوو، ئێستا پزیشکە لە کەرکوك، کوردییەکی باشی دەزانی. جارێکیان پرسیارم لێکرد ئەو کوردییە باشە لە کوێوە فێر بووە، وتی لە ڕەواندوز چونکە باوکی چەند ساڵێك لەوێ ئەفسەر بووە.

تورکمانە توندڕەوەکان مردنی هیدایەت ئەرسەلانیان قۆستەوە بۆ سازدانی خۆپیشاندان، بە هاندانی چەند ئەفسەرێکی قەومی لە فیرقەی

دوو. دەتوانم بڵێم دووبەرەکیو ناکۆکی لەو ڕۆژەوە تا دەهات توندتر دەبوو لە نێو کوردو تورکماندا.

### نازم تەبەقچەلی:

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ جەنراڵ نازم تەبەقچەلی ناولێنراو بوو بە فەرماندەی فیرقەی دوو لە کەرکوك، کە حوکمی هەموو کوردستانی بەدەستەوە بوو. تەبەقچەلی لە بنەماڵەیەکی عەرەبی سوننەی بەغدا بوو، باپیرە گەورەیان لە سوریاوە هاتوون بۆ عێراق، بەڵام هاوسەرەکەی تورکمانی تەلەعفەر بوو. پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان پاش هاتنی تەبەقچەلی بۆ کەرکوك بەرەو خراپە دەچوو، لە نزیکەوە دۆستایەتی لەگەڵ تورکمانە توندڕەوەکان پەیداکرد، بە تایبەتی لەگەڵ بەشێك لە پارێزەرانی توندڕەو. زوو زوو دەچووە سەر دەعوتیان و لەگەڵیان کۆدەبووەوە، ئەوەش بووەهۆی بزووتنەوەیەکی نائاسایی لەنێو تورکمانە توندڕەوەکاندا پەیدابێت کە پێشتر بەوشێوەیە نەبوو. بەکورتی نازم تەبەقچەلی ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە تێکدانی پەیوەندی کوردو تورکمان. لەو کتێبەم بەناوی (ناوچەی کەرکوكو هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەو ناوچەیە) کە لە ساڵی ١٩٩٥دا بە زمانی

عەرەبی لە سوید چاپکراوە، ئاماژەم بۆ ئەو ڕاستییە کردووە. ماوەیەك پاش گەیشتنی تەبەقچەلی بۆ کەرکوك داوای لە وەزیری ناوخۆی عێراق عەبدولسەلام عارف کردبوو سەرۆکی شارەوانی بگۆڕێ کە کورد بوو. پاش لابردنی تا ڕووخانی بەعس لە ساڵی ۲۰۰۳دا کورد نەکرایەوە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك لە خوالێخۆشبوو شەهید شێخ مارف بەرزنجی بەولاوە، کە لە سەرەتای ۱۹۵۹دا بۆ ماوەیەکی کەم کرایە سەرۆکی شارەوانی، لەو ساڵەوە تا ۱۹٦۹ هەر تورکمانیان دەکردە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك، بەڵام لە ساڵی ۱۹٦۹دا، مەزهەر تکریتی ئەو پۆستەی پێدرا. باپیرە گەورەی تکریتییەکان لە سوریاوە لەگەڵ سوڵتان موڕادی چوارەم هاتوونەتە عێراق بۆ هاوکاریکردنی لەشکرەکەی لەپێناو دەرکردنی سەفەوییەکان لە عێراق. پێش گەڕانەوەی سوڵتان بۆ ئەستەمبووڵ، چەند گوندێکیان پێ دەبەخشێت بەرامبەر هاوکاریکردنیان. پەیوەندی تکریتییەکانی کەرکوك لەگەڵ کوردو تورکمان باش بوو. لە کەرکوك جگەلەوان عەرەبی دیکەی لێ نەبوو، عەرەبی (عەگاڵ) لەسەر بەرچاو نەدەکەوتن، بەڵام پاش تەواوکردنی پڕۆژەی حەویجەو نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەب لەو ناوچەیە، بەشێك لە منداڵەکانیان بۆ تەواوکردنی خوێندنیان دەهاتنە کەرکوك. خەڵکی کەرکوك بە چاوێکی

سەیرەوە تەماشای عەرەبی حەویجەیان دەکرد، چونکە زۆر دواکەوتوو بوون.

## پڕۆژەی ئاوی حەویجە:

**پ: ببوورە دکتۆر گەر بیرت نەپچڕێنم، ئایا پڕۆژەی ئاوی حەویجە تەنها بۆ عەرەب بوو، یان بۆ کوردیش بووە، تا چ ڕادەیەك ئەمە ڕاستە؟**

وەڵام: لەو باوەڕەدام ئەو پڕۆژەیە لە سەرەتاوە هەر بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەبی (بەدو) دروستکراوە. دەڵێن خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز کاتێك (موتەسەریفی) کەرکوك بووە لە ساڵی ١٩٤٦دا، هەوڵیداوە خێڵی کۆچەری کورد لە دەشتی حەویجە نیشتەجێ بکرێن. ئەو پڕۆژەیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٦دا، کاتێك یاسین هاشمی سەرۆکی حکومەت بووە نەخشەی بۆ دانراوە بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی (ئەلعوبێد). ئەم خێڵە کە (بەدوو) بوون لە دەشتی جەزیرەی سەر بە موسڵ خەریکی مەڕوماڵات بەخێوکردن بوون، بەڵام لەگەڵ خێڵی (شەمەر)دا لە شەڕو هەرادا بوون، پاشان ناچاردەکرێن ڕووبکەنە دەشتی (عوزێم) لە پارێزگای (دیالە). لەوێش لەگەڵ خێڵی (ئەلعەزە)ی عەرەب لە شەڕو ناخۆشیدا دەبن، بۆیە حکومەتی یاسین هاشمی پلانی نیشتەجێکردنیان لە دەشتی حەویجە پەسەند دەکات، بەڵام پڕۆژەکە کە بریتی بوو لە هێنانی ئاو لە زێی بچووکەوە بۆ دەشتی حەویجە، بە مەبەستی نیشتەجێکردنی هەردوو

خێڵی (ئەلعوبێد)و (جبور) بە چەند ساڵێك ئەوجا تەواو دەبێت. بیستوومە کاتێك سەعید قەزاز موتەسەریفی کەرکوك بووە هەوڵیداوە خێڵی کۆچەری کورد، بە تایبەتی بەشێك لە تیرەکانی جاف، کە گەرمیانو کوێستانیان دەکرد، لە دەشتی حەویجە نیشتەجێ بکرێن. بەڵام بیستووشمە کە حامید بەگی جاف کە لەو دەمەدا قایمقامی چەمچەماڵ بووە، پێشنیازی کردووە کە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕێگا بە بەشێك لە خێڵی جاف بدات لەوێدا نیشتەجێ بکرێن، بەڵام لەسەر ئەو پێشنیازەی لەلایەن ئەو وەزارەتەوە نەقڵ دەکرێت بۆ قەزایەکی دوور، بۆیە دەست لە کار دەکێشێتەوە. حامید بەگ لە چەند خولێکی پەرلەمانی عێراقدا ئەندامی ئەو پەرلەمانە بووە، تا ساڵی ١٩٩٥. لەو باوەڕەدام ئەو پڕۆژەیە لە سەرەتاوە بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەب دروستکراوە.

### پڕۆژەی حەویجە کەی تەواوبوو؟

باس لەوە دەکرێت کە پڕۆژەی حەویجە لە ساڵی ١٩٣٦دا لەلایەن وەزارەتی یاسین هاشمییەوە دەستی پێکرابێت. هاشمی لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٦ بەهۆی کودێتای بەکر سدقییەوە لەسەر پۆستەکەی لادەبرێتو دەچێتە سوریاو لەوێ کۆچی دوایی دەکات. پڕۆژەکە لە سەرەتاوە لەلایەن ئەوەوە پێشنیازکراوە، کە بیروڕای عروبەوی هەبووە، بەڵام پاشتر بە

بازووی زیندانیانی کەرکوك، کە بەشی زۆریـان کـورد بـوون، تـەواوکراوە، لـەماوەی ١٠ تـا ١٢ سـاڵ. بەشـی یەکـەمی پڕۆژەکـە پـاش ١٩٤٦ تەواوکراوە ، خێڵی (ئەلعوبێد)و (ئەلجبور)و چەند خێڵێکـی دیکـەو چـەند بنەماڵەیەکی تر لە (دۆرە)و تکریت، لە دەشتی حەویجـەی ئـاوەدانکراوە، نیشتەجێکراون.

**سەددام لە مام جەلال (دەبووریێت)**

لە کاك دکتۆر موکەرەم تاڵەبانیم بیستووە، کە وەك نوێنەری حیزبی شیوعیی لە کابینەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر چەند ساڵێك وەزیـر بـوو لـە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، ڕۆژێك ئەلبەکر لەبەردەم چەند وەزیرێك پێی دەڵێ سەرۆکی بنەماڵەکەیان کاتی خۆی پەناهەندە بـووە لـەلای تاڵەبانییـەکان، پیاوەتییان لەگەڵ کردووین. لە دوا ساڵەکانی حوکمی عوسمانی مامێکیو چەند خزمێکی جەندرمەیەکی عوسمانی دەکوژنو پەنا دەبەنە لای شێخانی تاڵەبانی لە دەشتی داقوق، لە خوارووی کـەرکوك. یـەك دوو سـاڵ لـەوێ دەمێننەوە تا فەرمانی لێخۆشـبوونیان بـۆ دەردەچێت. لـە شـێخ جـەنگی تاڵەبانیم بیستووە، کە چەند ساڵێك لەو ناوچەیە ژیاوەو ئەویش لە پیاوانی بەتەمەنی ناوچەکەی بیستووە وتوویانە، کاتێك ئەو عەرەبانە دەگەڕێنـەوە بـۆ تکریـت، شـێخ عیزەدینـی تاڵـەبانی شـێخ فـەیزوڵڵای بـرای لەگـەڵیان

دەنێرێتەوە تا تکریت، کە ئەودەمە گوندێکی گەورە بووە. بەگوێرەی نەریتی عەشایری کاتێك دەگەنە تکریت لە گۆڕەپانێکدا هەندێك بە سواری ڕەمبازی دەکەن، دەڵێن ماوەیەك بەو گۆڕەپانە گوتراوە (ساحەی فەیزی). سەددام حوسێن لە ساڵی ۱۹۸۹دا، "فەرمانی لێخۆشبوونی" بۆ هەموو کوردە "یاخی بووەکان" دەرکرد، بەڵام مام جەلالی لێ بەدەرکرد! پاش ماوەیەك لەبەردەم کەناڵی تەلەڤزیۆنی دەڵێت لە جەلال تاڵەبانیش خۆش دەبم، چونکە کاتی خۆی خزمەکانی چاکەیان لەگەڵ کردووین لە کوردستاندا! ئەم وتەیەی سەددام حوسێن داننان بوو بەوەی ناوچەی داقوق، کە کەوتووەتە خوارووی کەرکوك، بەشێك بووە لە کوردستان! لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوودا مام جەلال ئەم بۆچوونەی سەددامی وەك بەڵگە هێنایەوە بۆ کوردستانی بوونی ئەو ناوچەیە! لەو ناوچەیە جگە لە تاڵەبانی، داوودە و کاکەیی‌و زەنگەنەو خێڵی دیکەی لێیە تا زنجیرە چیاکانی حەمرین. لە پاش بڵاوکردنەوەی کتێبی بە عەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك، کاك عەبدوڵڵا سەراجی نووسەر نامەیەکی بۆ ناردم تیایدا دەڵێت لە سەرەتای شەستەکاندا بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی حویجە بووە، لە ئەرشیفی ئەو قوتابخانەیەدا چەند نووسراوێکی بە ئیمزای خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەفیق حیلمی (موفەتیشی عامی کوردستان)ی بەرچاوکەوتووە، کەواتە ئەو قوتابخانەیە لەو سەردەمەدا سەر بەو دەزگایە بووە.

## عەرەبەکانی حەویجە کاتی خۆی بە مۆڵەت هاتوون:

دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە پاش ئەوەی حکومەتی عێراق داوا لە شێخەکانی خێڵی (ئەلعوبێد) دەکات بچنە دەشتی حەویجە، سەرۆکەکانی بە تایبەتی شێخ محەمەد سالحو براکانی، نامەیەك بۆ شێخ مەحمود دەنێرن تێیدا دەنووسن حکومەت داوای لێکردوون لە حەویجە نیشتەجێ بن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ناوچەیە بە بەشێك لە خاکی کوردستان دەزانن، بەبێ ڕەزامەندی ئەو لەوێ نیشتەجێ نابن. ئەوە بەڵگەیەکی دیکەیە کە شێخە کۆنەکانی ئەو خێڵە، بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەوانەی ئێستایان، دوژمنایەتی کوردیان نەکردووەو ئەو ناوچەیەیان بە بەشێك لە کوردستان زانیوە.

## شێخانی تاڵەبانی:

لە کەرکوك چەند بنەماڵەیەکی کۆنی کوردو تورکمانی لێیە، بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی یەکێکە لەو بنەماڵە کۆنانەی کە لە سەردەمی شێخ عەبدولڕەحمانی (خالس)ەوە هاتوونەتە ئەو شارە، بەڵام پێشتر لە سەردەمی مەلا مەحمودی باپیرە گەورەمانەوەتەکیەیەکی لێکراوەتەوە،ئەم تەکیەیە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید

نوێکراوەتــەوە. مەولــەوی شــاعیر چــەند جارێــك ســەردانی شــێخ عەبــدولڕەحمانی کــردووە، بــە موناســەبەی تازەکردنــەوەی تەکیەکــەی قەسیدەیەکی جوانی بە زمـانی فارسـی دانـاوە. لـە سـەردەمی حوکمی عوسمانیدا شێخ ڕەئووفی کوڕی شێخ عەلی تاڵەبانی (باپیری کـاك پـیرۆت) سەرۆکی شارەوانی کەرکوك بووە. لە ساڵی ١٩٣٤ەوە تا کۆتایی ١٩٤٨ شێخ حەبیب تاڵەبانی سەرۆکی شـارەوانی بـووە، لـە سـاڵی ١٩٥٤ەوە تـا ناوەڕاستی ١٩٥٨ پارێزەر شێخ فازیـل تاڵـەبانی ئـەویش هـەمان پۆسـتی وەرگرتووە. چەند کەسێك لە بنەماڵەی یەعقوبییەکان، کە لە بنەڕەتدا لـە خێڵـی زەنگەنــەن، وەك مەجیـد یــەعقوبیو شـامیل یــەعقوبی بــرازای، هەردووکیان سەرۆکی شارەوانی کەرکوك بوون، ئـەوەش ئـەوە دەگەیـەنێت کە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك کورد یان تورکمان بوون تا ساڵی ١٩٦٩، لەو ساڵەدا عەرەبێك کراوە بە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك.

### چۆن شێخ فازیل تاڵەبانی کرایە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك؟

لە ساڵی ١٩٥٤دا خوالێخۆشـبوو سـەعید قـەزاز وەزیـری نـاوخۆی عێراق بووە. بەپێی دەستووری عێراقـی پـێش ١٩٥٨، وەزیـر لـە پۆسـتی وەزارەتەکەی لە شەش مانگ زیاتر نەیدەتوانی بمێنێتەوە ئەگـەر ئەنـدامی پەرلەمان نەبوایا. سەعید قـەزاز کـە ئەنـدامی پەرلـەمان نـەبووە، دەبـوو

پـێش بەسەرچـوونی ئـەو ماوەیـە دەسـت لـە پۆسـتی وەزارەتـی نـاوخۆ بکێشێتەوە، بۆیە لەگەڵ شێخ فازیل تاڵەبانی کە ئەندامی پەرلەمان بـووە ڕێکدەکەوێت ئەم دەست لە ئەندامییەتی پەرلەمان بکێشێتەوە تا سەعید قـەزاز خـۆی کاندیـد بکـات بـۆ جێگاکـەی، ئـەویش ببێـت بـە سـەرۆکی شـارەوانی! کەواتـە لـە سـاڵی ١٩٥٨دا سـەعید قـەزاز نوێنـەری لیـوای کەرکوك بووە لە پەرلەمانی عێراقدا. سـەرۆکی شـارەوانی وەك نوێنـەری زۆرینـەی دانیـشتووانی شـار تەماشـا دەکرێت، ئـەم پۆسـتە جارێـك لـە سـەردەمی عوسمـانیو چـەند جـارێکی دیکـە لـە سـەردەمی حـوکمی پاشایەتیدا بە یەکێك لە بنەماڵەی تاڵەبانی دراوە، واتە کوردێك. بـەعس لـە سـاڵی ١٩٦٩ەوە ئـەم پۆسـتەی بـە عـەرەب دەدا تـا بیـسەلمێنێ کـە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم شارە عەرەبن. لـە سـاڵی ١٩٦٠ەوە تـا ١٩٦٩ سەرۆکی شارەوانی کەرکوك تورکمان بوون بەڵام کەسـانی سـەر بـە حیزبـی بەعس بوون.

لـە بنەماڵـە کوردییـەکانی دیکـەی کـەرکوك، بنەماڵـەی خانـەقا، کوڕەکانی سەید ئەحمەدی خانەقا، شێخ حسێنو کاکە حەمە هـەردووکیان ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوون، لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا.

**بنەماڵەی خادم سوجادە:**

لە بنەماڵەی دیکەی شاری کەرکوك بنەماڵەی خادم سوجادە، کە خزمایەتییان لەگەڵ جەلیلزادەکانی کۆیەدا هەیە. عەلی ڕەفیق خادم سوجادە ماوەیەك ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووە، پێشتریش حاجی ڕەفیقی خادم سوجادەی باوکی ئەندامی (مەجلیسی تەئسیسی) عێراقی بووە. لێرەدا ناتوانم ناوی هەموو بنەماڵەکانی دیکەی کەرکوك بهێنم، تەنیا بۆ نموونە ناوی بەشێکیان دێنم، وەك بنەماڵەی بەها ئەفەندی باوکی دادیار نورەدین بەهائەدین کە باوکی دادوەر دارا (ئەندامی ئەنجومەنی حوکم) بوو. هەروەها بنەماڵەی مەلا قادری ئیمام لە گەڕەکی ئیمام قاسمو بنەماڵەی شێخ باقیو چەندەها بنەماڵەی دیکە. هەموو مەلا بەناوبانگەکانی کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا کورد بوون، وەك مەلا عەلی حیکمەتو مەلا ڕەزای واعیزو مەلا ناسیحو مەلا مەحمودی مەزناوە، کە هەموویان مەلای بەناوبانگی کوردستان بوونو خەلیفەی شێخ عەلی تاڵەبانی بوون. مەلا بەناوبانگەکانی کەرکوك لە سەدەی بیستەمیش هەر کورد بوون، وەك مەلا عەزیزی شلێخانیو مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانیو مەلا عومەری گونبەدیو مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیمو مەلا مەجیدی قوتبو مەلا عەلی فەتحوڵلاو مەلا عەلی لەیلان.

لـه کـەرکوك چـەند بنەماڵەیـەکی تورکمـان وەك نەفتـچیو ئاوچـیو گدگو قیردارو یەعقوبی هەن کە بەشێکیان بە بنـەڕەت کـوردن. کـۆنترین بنەماڵـەی عـەرەبی کـەرکوك تکریتییەکانـە کـە لـە سـەردەمی سـوڵتان مـورادی چـوارەم هـاتوونو لـە کـەرکوكو تکریـت نیـشتەجێ بـوون. حەدیدییەکان ماوەیەکی زۆر نییە لە کەرکوکدا نیـشتەجێ بـوون، پێـشتر خەریکی گامێشەوانی بوونو باری ئابووریبیان باش نـەبوو، بـە بـاش بـاس نەدەکران.

**داود جەنابی:**

لە مانگی شوباتی ۱۹۵۹دا، نازم تەبەقچەلی کە فەرماندەی فیرقـەی دوو بوو خانەنشین کراو جەنـەراڵ داود جـەنابی، کـە ئەفـسەرێکی چـەپڕەو بوو زۆر دۆستی کوردیش بوو، ئەو پۆستەی وەرگرت. لـە نـەورۆزی سـاڵی ۱۹۵۹دا، بۆ یەکەمجار لە مێژووی شاری کەرکوك ئاهـەنگێکی قەشـەنگ لە گۆڕەپانی فتبـۆڵێنی کۆمپانیـای نـەوتی IPC ڕێکخـرا، فەرمانـدەی فیرقەی دوو پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کوردستان کرد بەبۆنەی نەورۆزەوە. هەنـدێك تورکمـانو ئاسـوریو عـەرەبی کـەرکوك بەشـداربوون لـەو ئاهەنگەدا. لە ساڵی ۱۹۵۹ بەشی زۆری ئەفسەرو سـەربازەکانی فیرقـەی دوو کـورد بـوون، لەگـەڵ چـەند ئەفـسەرێکی عـەرەبی قـەومی کـە

عەبدولکەریم قاسم لە شوێنە گرنگەکان وەك چاودێر لەسەر فەرماندەی فیرقە، دانرابوون. بەڵام پاش ڕووداوەکانی تەمووزی ساڵی ١٩٥٩ کە سەرەتایەك بوو بۆ ناخۆشیو پاشتر کاری توندڕەوی لەنێو کوردو تورکمان لە کەرکوکدا، دووبەرەکی دەستی پێکرد. کاربەدەستانی بەغدا بە تایبەتی کاربەدەستانی ئەمنی بە هەموو شێوەیەك هەوڵی تێکدانی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمانیان دەدا، هەر لە و دمەوە سیاسەتی بەعەرەب کردن لە ناو شاری کەرکوك دەستی پێکردووە، چونکە بەشێك لە کاربەدەستانی کوردی کەرکوك بە مەدەنی و سەربازی نەقڵی دەرەوەی کەرکوك کران. دەبێت ئەوەش بزانین کە تورکمانی بنەماڵە ڕۆڵی خراپیان نەدەبینی لە تێکدانی پەیوەندی نێوان کورد و تورکمان، بەڵام ئەو گەنجانەی کە دەرچووی زانکۆکانی تورکیا بوونو توندڕەو بوون، خەڵکانی کەم فەرهەنگیان هان دەدا کاری توندەڕەوی بکەن، بەشێك لە پارێزەرانی تورکمان ڕۆڵێکی خراپیان هەبوو، و هاوکاری دەزگاکانی ئەمنی کەرکوکیان دەکرد کە سەرۆکەکانی عەرەبی توندڕەو بوون.

**کۆبوونەوەی واشنتۆن دەربارەی کەرکوك، پێش ڕووخانی ڕژێم:**

مەڵبەندێکی ئەمریکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی ئامادەکردنی پلانو بەرنامەدانان بوو دەربارەی چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك، پێش ڕزگارکردنی عێراق. لەوە دەچێت ئاگاداری نووسینەکانم بن دەربارەی کەرکوك، بۆیە پەیوەندییان پێوە کردم بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیە. بەشداربووان ژمارەیان کەم بوو، بریتی بوون لە چەند کەسێکی شارەزای ئەمریکیو عەرەبو کورد، لەوانە (لەیس کوبە)و کاك بەختیار ئەمینو چەند کەسێکی دیکە. مەبەست لە بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوەبوو بە چ شێوەیەك چارەسەری کێشەکانی کەرکوك بکرێت، چونکە دەیانزانی بارودۆخ لەو شارەدا تایبەتی خۆی هەیە.

**پ: ئەمە دوای ڕووخانی سەددامبوو؟**

و: نەخێر پێش ڕووخانی سەددامو ڕژێمەکەی، بەڵام پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقو ئەو ناوچانەی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا بوون.

**پ: لەکوێ؟**

و: له واشنتۆن، لەو کۆبوونەوەیەدا (لەیس کوبە) پێشنیازی کرد ئەنجومەنێك دروستبکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شار پاش ڕزگارکردنی. وتم لەوەدەچێت دکتۆر لەیس کوبە دەیەوێت شەرعییەت بە سیاسەتی بە عەرەبکردنی ئەو شارەو ناوچەکە بدات، چونکە زۆربەی دانیشتوانانی کەرکوك (مەبەستم ئەو دەمە بوو) عەرەبی هاوردەن، خەڵکی ڕەسەنی شارەکە بەشی زۆریان دەربەدەرو ئاوارە بوون. ئەنجومەنێك لەو کەسانە دابمەزرێت، مانای شەرعییەتدانە بە سیاسەتی بە عەرەبکردن. بۆچوونی بەشێك لە ئەمریکییەکانیش هەر ڕێگانەدان بوو بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوك، بە بۆچوونی ئەوان گەڕانەوەی ئەوان کێشەی لێ دروست دەبێت بۆ هەموو لایەك. وتم بڕواناکەم کەسێك بتوانێت ڕێگا لە گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە بگرێت کە لە بارودۆخێکی زۆر خراپو ناخۆشدا دەژین. ئەو ئاوارانە دەگەڕێنەوە بۆ سەرماڵو حاڵی خۆیان، چونکە چەند ساڵە بە ناهەق دەرکراون، ئەگەر ڕێگای چوونەوەیان بە ئۆتۆمۆبێل لێبگرن، بە تراکتۆرو بە پێ دەگەڕێنەوە، ئەگەر جادەکانیان لێبگیرێت، بە پێ بەناو چەمی خاسەدا دەگەڕێنەوە! پاشان وتم بڕواناکەم حکومەتی ئەمریکا بە فڕۆکە لێیان بدات تا گەڕانەوەیان لێ قەدەغە بکات! ئەو خەڵکانە مافی خۆیانە بگەڕێنەوە، چونکە چەندەها ساڵە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەن کە شارو ناوچەکەیان ئازاد بکرێت تا

بتوانن بگەڕێنەوە. کاك بەختیار ئەمین، کە پاشان بوو بە وەزیری مافی مرۆڤ لە حکومەتی عەللاوی، پشتگیری لە قسەکانم کرد. پێشنیازێکی مام ناوەندی پەسەندکرا، ئەویش ڕێگادان بە گەڕانەوەی بەشێك لە ئاوارەکان، چونکە گەڕانەوەی هەموویان کێشەی گەورەی لێ پەیدا دەبێت، چاکترە بە قۆناغ بگەڕێنەوە، بەمەرجێك پاشان چارەسەری کێشەکانیان بکرێت.

لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ۲۰۰۳دا بە یەکجاری گەڕامەوە کوردستان، یاداشتنامەیەکم پێشکەش بە سەرکردایەتی سیاسی کوردی کرد، تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی لیژنەیەکم کرد لە کەسانی شارەزای خەڵکی کەرکوك، بەڵام نوێنەری حیزبەکان بەشداری تێدا بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، بەڵام بە مەرجێك بە بەرنامە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات. نزیکەی ۱۰ ڕۆژ پاش ئازادکردنی کەرکوك، لە ناوەڕاستی نیسانی ۲۰۰۳، لەگەڵ دوو برادەری دیکە پێکەوە یاداشتنامەیەکمان ئاڕاستەی سەرۆکی هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان کرد، تێیدا پێشنیازی دامەزراندنی ئەو لیژنەمان لێکردن، هەروەها ئامادەیی خۆشمان پیشاندا بۆ گەڕانەوە بۆ بەشداریکردن لەو لیژنەیە، ئەگەر دروستبکرێتو ڕازی بن بە بەشداریکردنمان. لەو یاداشتنامەیەدا پێشنیازمان کردبوو لیژنەکە بە نهێنی بمێنێتەوە و ئەرکی

سـەرەكی هاوكـاری ئـەوان بكـات. دەقـی ئـەو یاداشـتنامەیە پاشـان لـە هەفتەنامـەی (هـاوڵاتی) بڵاوكرایـەوە. پـێم باشـە دەقـی یاداشـتنامەكە بڵاوبكەنەوە.

هەولێر

٢٢ی ئەیلولی ٢٠٠٣

وڵاتەكەمان لە بارودۆخێكی زۆر ناسـكدا دەژی بۆیـە پێویـستە سـوود لـەم دەرفەتـە مێژووییـە وەربگیرێـت تـاكو مافـەكانی گەلەكـەمان بـە شـێوەیەكی قـانوونی بـچەسپێنین‌و پەیوەنـدی كوردسـتان بـە حكومـەتی ناوەندی عێراقەوە لەسەر بنەمایەكی تازە دابمەزرێتەوە.

دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمایەكی نـوێ پێویـستی بـە جێبەجێكردنی چەند هـەنگاوێك هەیـە كـە تـا ئێـستا جێبـەجێ نـەكراون. چاكترە پەلە بكرێت لە جێبـەجێكردنیان بۆئـەوەی مەسـەلەی گەلەكـەمان باشـتر بـچێتە پێشەوە. ناحـەزانی كـورد لـە نـاوەوەو دەرەوەدا بەهـەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن تەگەرە دروست بكەن تاكو ئەو كارانە نەكرێن یـان دوا بخرێن.

لـە یاداشـتێکدا کـە لەلایـەن کۆمـەڵێك لـە ڕووناکبیرانی کـوردی دانیشتووی ئەوروپاوە لـە بـەهاری سـاڵی ۲۰۰۲دا پێشەکەش بـە (کـاك مەسعودو مام جەلال)یان کردبوو، تێیدا داوای یەکخستنەوەی نـاو مـاڵی کوردیان کردبوو، هەمان ئـەو کەسـانە جـارێکی تـر داوای پەلـەکردن لـە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان دەکەنەوە. لـەم ڕۆژانـەدا لـە هەولێر چاوم بە چەند کەسێکی دڵسۆز کەوت، لەوانە کاك عەزیز محەمەدو چەند ڕووناکبیرێکی دیکە، هەموویان جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی ئـەم داواکارییە دەکرد. دەزانن دەنگی کورد چاکتر گوێی لێ ڕادەگیرێت لەسەر ئاستی ناوەوەی عێراقو لە دەرەوەدا، ئەگەر داواکارییـەکانی گەلەکـەمان بەناوی دەزگایەکی شـەرعی یـەکگرتووی کوردسـتانییەوە بخرێنـە بەرچـاو. ئەو کەسانەی دەچنە بەغـدا بـۆ بەشـداریکردن لـە داڕشـتنی دەسـتوور بـۆ عێراقی پاشەڕۆژ، دەتوانن بە جەختەوە داوای چەسپاندنی مافـە ڕەواکـانی گـەلی کوردسـتان بکـەن لـەو دەسـتوورەدا، ئەگـەر بـەناوی دەزگایـەکی قانوونی یەکگرتووی شەرعییەوە قسە بکەن.با کورد وەك گـروپ و تـاقمی سیاسـی و مـەزهـەبی عێراقـی کارنەکـەن، ئەگـەر ئـەوان بـەناوی گـروپ و تایفەوە قسە دەکەن ، چاکترە نوێنەرانی کورد بەناوی دەزگایـەکی قـانونی کوردسـتانییەوە قـسە بکـەن. لەبـەر ئـەم هـەموو هۆیانـە پێـشنیازی زیندووکردنەوەی "دەستەی قانوونی باڵا" دەکـەم کـە لـە تـەموزی سـاڵی

١٩٩٢دا، بـه بڕيـاری پەرلـەمانی كوردسـتان دامـەزراوە. بەشـی زۆری قانوونەكان لەو سەردەمەدا كـە پەرلـەمان پەسـەندی كـردوون، بەتايبـەتی قـانوونی وەزارەتـەكان، ئـەم دەسـتەيە ئامـادەی كـردووە كـە ئێـستايش بەشێكی زۆريان كاريان پێدەكرێت لـە هـەردوو ئيدارەكـەدا. لـە بـەهاری ساڵی ٢٠٠٢دا ئەندامانی پێشووی ئەم دەستە قانوونييە ئامادەيی خۆيان دەربـڕی دەسـت بـەكارەكانيان بكەنـەوە، بـەڵام بەمـەرجێك بـە بڕيـاری پەرلەمان ئەو دەسـتە قانوونييـە زيندووبكرێتـەوەو لـە دەسـتووری هـەرێم دانی پێدا بنرێت. لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان كە لـە سـاڵی ١٩٩٢دا ئامادەم كردووە، پێشنيازی دامەزراندنی ئەو دەسـتە قانوونييـە كراوە لەژێر ناوی "دەستەی قانوونی باڵا". پەرلەمان دەتوانێـت زينـدووی بكاتەوەو ناوی ئەو دوو كەسەی ديكە بخاتە سەر نـاوی سـێ ئەندامـەكانی پێشوو.

دەتوانين بڵێين ئەمڕۆ كە داوا سەرەكييەكانی گەلی كوردستان، جگە لە يەكخستنەوەی هەردوو ئيدارەكە، لەم دوو خاڵەی خوارەوە كۆدەكرێنەوە:

**يەكەم:** لە دەستووری تـازەی عێـراق، كوردسـتان وەك هـەرێمێك لـە چوارچێوەی سنووری مێژوويیو جوگرافيايی خۆی دانی پێدابنرێت، لەگـەڵ داننان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی كوردستانو دامەزراندنەوەی دەوڵـەتی

عێراق لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە لەنێو هەردوو هەرێمی کوردستانو بەشە عەرەبییەکەی عێراق.

سەبارەت بەو لیژنەیەی کە دادەمەزرێت بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری عێراق، چاکترە ژمارەیان کەم بێت، ئەندامەکانی لە ١٥ کەس زیاتر نەبن، ئەگینا ئەنجامدانی کارەکە دوادەکەوێتو بەباشی ناکرێتو تەگەرەشی تێدەکەوێت، کە لە بەرژەوەندی کورد نییە.

کورد ناتوانێت داوای چەسپاندنی مافە ڕەواکانی لە دەستووری عێراقدا بکات، پێش دەستکاری کردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، چونکە مافی چارەنووس بەڕوونی دانی پێدانەنراوە لە پڕۆژەی دەستووری مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢، کە وەك (پڕۆژە) لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە. لە ماددەی ٧٥ ئەو پڕۆژەدا ئاماژەکراوە بۆ بەکارهێنانی مافی چارەنووس، بەڵام تەنیا بۆ حاڵەتێکی تایبەت بریتییە لە ئەگەری دەستکاری کردنی کیانو سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا، بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. بە واتایەکی دی، مافی چارەنووس وەکو مافێکی ڕەوای گەلی کوردستان بە موتڵەقی باسی لێ نەکراوە، بەڵکو بەندکراوە بە ڕوودانی حاڵەتێکی تایبەتەوە. کورد ناتوانێت داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە بکات، ئەگەر مافی چارەنووس بە موتڵەقی لە

ماددەیەکی تایبەت لـە دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتاندا نەچەسـپێنرێت. ئـەم دەسـتکارییە ئێـستا بکرێـت چـاکترە، پـێش ئامـادەکردنی پـڕۆژەی دەستووری عێراق، چونکە کورد کە داوای چەسپاندنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دەکات لەسەر بنـەمای ڕێککـەوتنی ئارەزوومەندانـە لـە دەستووری عێراقدا، دەبێت ئەو مافە لە دەستووری خۆیدا بە ڕوونـیو لـە بەندێکی تایبەتدا چەسپابێت.

دووەم: بـاری کـەرکوک لـە زۆر ڕووەوە بـەرەو باشـی نـاڕوات، بۆیـە پێویستە بە هاوکاری هـەموو لایـەك، بەتایبـەتی هـەردوو هێـزی سیاسـی سـەرەکی لیژنەیـەك دابمـەزرێت پێکهاتبێـت لـە نوێنـەرانی هـەردوو هێـزی سیاسـی لەگـەڵ چـەند پـسپۆڕو شـارەزایەکی خـەڵکی کـەرکوك. ئـەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە بەرنامـە ئامـادەکردن بـێ بـۆ چـۆنییەتی گەڕانـەوەی بـاری ئاسـایی بـۆ کـەرکوكو ناوچـەکە، لەگـەڵ نەهێـشتنی ئاسـەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن لەهەموو ڕوویەکەوە. ئـەم لیژنەیـە دەتوانێـت بـە هاوکاری کەسانی شارەزا لەهەموو بوارێکدا، چارەسەری کێشەکان بکات، کـە لەوەدەچـێت ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ لـە زیـادبوون بـن. بۆنموونـە، ئێـستا دیاردەیەکی تازە پەیدابووە لەناو شارو لە دەوروبەری کـەرکوكو کەسـیش باسی ناکات. خەڵکێکی زۆر خەریکی خانوو دروستکردنن بـە شـێوەیەکی ناڕێـكو نابـەجێ (هەرکەسـە بـۆ خـۆی) بێئـەوەی ئـاوو کارەبـاو جـادەو

ئاوەڕۆیان بۆ دابین کرابێت، لەسەر موڵکی شارەوانی کەرکوكو میریو خەڵکانی دیکە. ئەم دیادەیە ئەگەر پەرەبسێنێت، کێشەیەکی زۆر گەورەتر پەیدا دەبێت لە پاشەڕۆژدا. دروستکردنی هەزارەها خانووی نارێك بەبێ ئیجازە وەرگرتن لەسەر زەویی شارەوانیو موڵکی تایبەتی ئەمو ئەو، کە پاشان تێك دەدرێن، دەبێتەهۆی پەیدابوونی کێشەیەکی گەورەتر. ئەم کێشەیە لە ئێستاوە چارەسەر بکرێت چاکترە، چونکە پاشان چارەسەرکردنی ئاڵۆزو قورستر دەبێت. لە بەشێك لە شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان ئەم کێشەیە هەیەو زوو چارەسەرنەکراوە، پێشنیاز دەکەم شارەوانی کەرکوك بەپەلە دوو سێ هەزار پارچە زەوی ٢٠٠ مەتری چوارگۆشە بەسەر ئاوارەکانی ناو شاری کەرکوك دابەش بکات، بەتایبەتی بەسەر ئەو کەسانەی لە کەرکوك ژیاونو لەلایەن ڕژێمەوە دەرکراون، هەر خێزانێك لانی کەم ٢٠٠٠ دۆلاری پێ بدرێت تاکو بتوانێت بەزوویی دەست بە بیناکردن بکات. شارەوانی دەتوانێت نەخشەیەکی تایبەت بۆ بیناکردن ئامادەبکاتو داوایان لێ بکات بەپێی ئەو نەخشەیە بیناسازی بکرێت. هەروەها دەبێت ئاوو کارەبایان بۆ دابین بکات لەگەڵ جادەو ئاوەڕۆ. شێوەی ئەو خانوانە دەکرێت لە چەشنی ئەو خانوانە بێت کە لە شاری(سەورەی)نزیك بەغدا دروستکرابوون لەسەردەمی حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا. بەم شێوەیە شەرعییەت بە گەڕانەوەی ئەو خەڵکانە

دەدرێتو هەموویان دەتوانن بەبێ کێشە بەشداری لەو سەرژمێرییە بکەن کە لە کەرکوك ڕێکدەخرێت. کێشەی ڕێکخستنی ئەو سەرژمێرییە بە شێوەیەکی ڕێکوپێكو قانوونیانەو ڕێگەنەدان بە بەشداریکردنی "عەرەبە هاوردەکان" کێشەیەکە دەبێت لە ئێستاوە کاری بۆ بکرێت، چاکترە ئەو کارانە بە شێوەیەکی قانوونی ئەنجام بدرێن.

ئەو پارچە زەوییانەی دابەش دەکرێن لەلایەن شارەوانییەوە بەسەر ئاوارەکاندا، دەبێت لەهەموو شوێنێکی ناو شارو بەهەر چوارلادا دابەش بکرێن، لەسەر ڕێگاکانی هەولێرو سلێمانیو لەیلانو بەغداو دوبز، لەسەر ڕێگای حەویجەو تکریتیش. بەم شێوەیە ئەو (پشتێنەی) کە چەند ساڵە لە دەوروبەری کەرکوك دروستکراوە لەلایەن بەعسەوە لە پێناوی بە عەرەب کردنی، دادەتەپێتو نامێنێت. لە کەرکوك ئێستاش بەپێی ئەو نەخشەیە کار دەکرێت کە لە سەردەمی بەعسدا دانراوە، کەرکوك بەرەو ڕێگاکانی بەغداو تکریت پەرەدەسێنێت، لەگەڵ بەلاوە نانی ئەو ناوچانەی کە کوردو تورکمانی تێدا دەژین. لە شەستەکانەوە کەرکوك بەرەو ڕێگاکانی بەغداو تکریت پەرەدەسێنێت، زۆربەی ئەو گەڕەکانەی لە سەردەمی بەعسدا کراونەتەوە، بە باشی خزمەت دەکرێن، چونکە بەشی زۆری دانیشتوانیان "عەرەبی هاوردەن". بەشی زۆری دەزگاکانی میری لەو ناوچانەدا کراونەتەوە. گەڕەکەکانی نزیك سلێمانیو هەولێر بە ئەنقەست

پشتگوێ خرابوونو بێبەش کرابوون لە هەموو کارێکی خزمەتگوزاری، باری ئەو گەڕەکانە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر چاکتر بوو. کاتی ئەوە هاتووە پلانێکی نوێ بۆ فراوانکردنو ئاوەدانکردنەوەی کەرکوك دابنرێت، تێیدا شار بەرەو ڕێگاکانی سلێمانیو هەولێرو یاروەلی پەرەبسێنێت.

دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کە ڕژێمی بەعس نزیکەی ٣٥ ساڵ خەریکی جێبەجێکردنی سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوكو ناوچەکە بووە، بە بەرنامە کە هەموو دەزگاکانی ئەمنیو دەوڵەتیو چەندەها پسپۆڕو شارەزای عێراقیو بیانی کاریان تێدا کردووە. کوردیش دەبێت بە پێی بەرنامە کار بکات تاکو ئاسەواری ئەو سیاسەتە بنبڕ بکاتو نەیهێڵێت.

ئەگەر هەموو لایەنەکان پێکەوە کار بکەنو پشتگیری لەو لیژنەیە بکەنو پەیوەست بن بە بڕیارەکانییەوە، کارەکان بەرەو پێشەوە دەچن. ئەندامە کوردەکانی ناو "ئەنجوومەنی حوکمی عێراق"و ئەندامە کوردو تورکمانە دۆستەکان لە ناو ئەنجوومەنی شارەوانی کەرکوكو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە کەرکوك دەبێت هەموویان هاوکاری ئەو لیژنەیە بکەن. ڕۆڵی ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی ناو حوکم لە عێراق گرنگترە، چونکە دەتوانن داواکانی ناو ئەو لیژنەیە لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا لە بەغداو لەگەڵ حکومەتی تازە دامەزراوی عێراقدا

باس بکەنو پشتگیری لێبکەن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوك.

نیشتەجێکردنی ئاوارەکان لەناو شاری کەرکوكو لە دێهاتەکانی دەوروبەری، لەگەڵ گێڕانەوەی سنووری ئیداری ئوستانی کەرکوك بۆ باری جارانی (بۆ ساڵانی پێش ١٩٦٨)، و تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ کەرکوك، و گێڕانەوەی کارمەندە دەرکراوەکان بۆ سەر کارەکانیان (نزیکەی ١٠،٧٠٠ کارمەندو کرێکار لە دەزگای نەوت هەیە، لەو ژمارەیە تەنیا ٣١ یان کوردن!)، ئەمانەن داواکارییەکانی خەڵکی کەرکوك.

لە ڕۆژانی ١١ەوە تاکو ١٩ی ئەیلول، پاش ١٢ ساڵ ئەوجا توانیم بگەڕێمەوە بۆ کەرکوك. چاوم بە کەسانێکی دڵسۆز کەوت بە مەبەستی گوێڕاگرتن لە ڕاو بۆچوونیان، گەیشتمە ئەو باوەڕە کە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە کارێکی زۆر پێویستە. چاکترە لیژنەکە ئاشکرا نەکرێتو لە "سێبەر"دا بمێنێتەوە.

---

لەو ماوەی لە کەرکوك بووم، چاوم بە بەرپرسی CPA لە کەرکوكو جێگرە ئینگلیزەکەی کەوت، بۆ چەند سەعاتێك لەگەڵیان دانیشتم، شتم

بۆ ڕوون کردنەوەو منیش چاکتر لە مەبەستی ئەوان سەبارەت بە پاشەڕۆژی کەرکوک حاڵی بووم. ئەوان سەرقاڵی ڕاگرتنی باری ئەمنی‌و ئاسایشن لە کەرکوک‌و لە ناوچەکەدا، کارەکانی دیکە بەلایانەوە گرنگ نییە ئەگەر پەیوەندی بە ئەمن‌و ئاسایشەوە نەبێت.

مەسەلەی دامەزراندنی زانکۆی کەرکوک لەسەر بنەمایەکی تازە دەبێت لە ئێستاوە چارەسەر بکرێت. پێویستە ئێوەیش بایەخی تایبەتی پێ بدەن. بابەتێکم بە کوردی‌و بە ئینگلیزی لە بارەی شێوەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوک بڵاوکردووەتەوە. دانەیەك لەو نووسینەم دایە بەرپرسانی کەرکوك، لەگەڵ چەند نووسینێکی دیکە دەربارەی باری کەرکوك.

لەو نووسینەم دەربارەی شێوەی دامەزراندنەوەی زانکۆی کەرکوك، پێشنیازی دروستکردنی سێ کۆلێجم کردووە، لەگەڵ داخستنی کۆلێجی قانوون کە چەند ساڵێکە کراوەتەوە، چونکە ئەو کۆلێجە لە ڕاستیدا مامۆستای نییە، ئەوەی بە ناو "مامۆستا"یە، هەموویان بەعسین، بەشی زۆری قوتابییانیش هەر بەعسین. ئەو کۆلیجانەی پێشنیازی دامەزراندنیان دەکەم بریتین لە: کۆلێجێکی ئەندازیاری پێترۆ- کیمیاوی، و کۆلێجی کشتوکاڵ کە زمانی ئینگلیزی زمانی خوێندن بێت تێیدا، لەگەڵ کۆلێجێکی دیکە بۆ زمان پێکهاتبێت لە پێنج بەش: بەشێك بۆ

زمانی کوردیو بەشێك بۆ عەرەبیو بەشێکی تر بۆ زمانی تورکمانیو بەشێك بۆ سریانی، لەگەڵ بەشێك بۆ زمانی ئینگلیزی. لەم کۆلێجەدا مامۆستا پەروەردە دەکرێن بۆ قوتابخانەکانی ئوستانی کەرکوك. ئەم پێشنیازە بەلای ئەمریکییەکانەوە باش بوو، بەلاّم دەیانگوت دەبێت خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن.

ئەگەر لە ئێستاوە هەوڵی جیددی نەدرێت بۆئەوەی کەرکوك بگەڕێتەوە بۆ باری جارانی، پاشتر تووشی شکست دەبینو مێژوو و نەوەکانی پاش ئێمە لێمان خۆش نابن.

ئومێدەوارم ئەم چەند خاڵە کە پێویستە لە نزیکەوە باسیان لێ بکرێتو زیاتر ڕووناکی بخرێتە سەریان، لێیان بکۆڵێنەوە.

بەداخەوە ئەو یاداشتنامەی مانگی نیسانی ٢٠٠٣ وەڵامی نەدرایەوە، پێش گەڕانەوەم لە سەرەتای ئەیلولی ٢٠٠٣ سەردانی چەند دۆستێکی کوردم کرد کە بەشێکیان ئەندام پەرلەمانن، تکام لێکردن هاوکاریمان بکەن بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یەکێکیان بە بزەیەکی سەر لێوەوە وتی، بگەڕێتەوە سەر کام ئیدارە ؟!

وەك دەبینن ئەو داواکاریانەی لەو یاداشتنامەیەدا هاتوون سێ بەشن: یەکەم یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە، دووەم چاوگێڕانەوە بە پڕۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٢ کە لە سەردەمی حوکمی بەعسدا ئامادەکرابوو،

چونکە کەموکورتی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، سێیەم مەسەلەی کەرکوك. بە هاوکاری کاك نێچیروان بارزانی مەسەلەی چاوگێڕانەوە بە پڕۆژەی دەستووری نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ چارەسەرکرا، چونکە هەموو ئەندامانی لیژنەی قانوونیو کاك فورسەت ئەحمەدی سکرتێری پەرلەمان لەلای ئەو کۆبووینەوە. پێشنیازمکرد پێکەوە تەماشای ئەو پڕۆژەیەی ساڵی ٢٠٠٢ بکەینو ئەگەر پێویستی کرد بە داڕشتنەوەیەکی باشتر ئامادە بکرێتەوە. لەو دانیشتنەدا کەسێك ڕەخنەی نەبوو، بە پێچەوانەوە هەموو کۆك بوون لەسەر پێشنیازەکەم، بۆیە بڕیاردرا ڕۆژی پاشتر لە پەرلەمان، لە هۆڵی لیژنەی قانوونی دەست بە کۆبوونەوە بکەین لەسەر پڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٢ مادده بە مادده. لە کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەدا کۆمەڵێك دەستکاری گرنگ لە پڕۆژەکەدا کران. پاش نزیکەی دوو سەعاتێك کاك فورسەت ئەحمەدیش ئامادەبوو، ئەو دەستکاریانەی کرابوون بۆمان ڕوونکردنەوە، وتی لەوە دەچێت خەریکی پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بن بە هەموو پڕۆژەکەدا. وەڵامەان ئەوە بوو مادده بە مادده تەماشای پڕۆژەکە دەکەینو ڕاو سەرنجی خۆمان دەربارەیان دەردەبڕینو بە هاوکاریو بە ڕێککەوتن دەستکاری ماددەکە دەکەین، گەر پێویست بکات. بەڵام داوای لێکردم ڕاو بۆچوونەکانم بە نووسراوی سەبارەت بە پڕۆژەکە بخەمە بەردەستیان ئەوجا دەست بە پێداچوونەوە بکەین، پێشنیازم کرد بەردەوام بین لەسەر

ئەو کارەی دەستمان پێکردبوو، بەڵام بێ سوودبوو چونکە سوور بوو لەسەر قسەکانی، بۆیە ناچاربووم دیراسەیەکی ١٥ لاپەڕەیی سەبارەت بە پڕۆژەکە ئامادەبکەم، لەگەڵ نامەیەکدا بۆ لیژنەکەم نارد، تێیدا ئاگادارم کردبوون پاش هەفتەیەکی تر کۆدەبینەوە. لە ڕۆژی دیاریکراودا چوومەوە بۆ پەرلەمان، وتیان دوێنێ پڕۆژەکەیا بەدەست گەیشتووە (هەفتەیەك بوو بۆم ناردبوون)، بۆیە بڕیاردرا پاش هەفتەیەکی تر کۆبینەوە. جارێکی دی چوومەوە بۆ پەرلەمان! وتم سەیرە بۆ لە سەرەتاوە ئەو ئیعترازەتان نەخستە بەرچاو، ئێستا دەزانن سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی سەفەری دەرەوەی وڵاتیان کردووە. گوێ لە ڕەخنەکەم نەگیرا، ناچار بووم ئەم بەیتە شیعرەی شێخ ڕەزایان بەبیر بهێنمەوە کە بە شوکری فەزلی وتووە:

من دەزانم کێ لە خشتەی بردووی ئەمما چ سوود سەیدەو سەید قسەی سووکی دەبێ دەرهەق نەکەم! پاش زیاتر لە مانگێك چاوەڕوانی، دکتۆر ڕۆژ شاوەیس سەرۆکی پەرلەمان گەڕایەوەو سکرتێرەکە پەیوەندی پێوەکردمو ڕۆژی پاشتر پێکەوە دانیشتینو داوای لێکردم بەردەوام بین لەسەر ئەو کارەی دەستمان پێکردبوو. دەستمان بە کۆبوونەوە کردەوە بە لێکۆڵینەوەکردن لەسەر ئەو ماددەی لەسەری ڕاوەستابووین. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، بە بەشداریکردنی جگە لە ئەندامانی لیژنەی قانوونی پەرلەمان، کاك فورسەت ئەحمەدو سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنی ناو

پەرلەمانیش ئامادەبوون، بە تەواوی پڕۆژەکەدا چووینەوەو ئاکامەکەی بە نووسراوی لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٣دا وە پڕۆژەیەك درایە لیژنەی قانوونیو سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەبوو. ئەو هەموو ماندووبوونە بەلاوەنرا، چونکە سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوور، کاك فورسەت دەڵێت ئەو هەموو کارە "شەخسی" بووەو هەر پڕۆژەی مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ کە لەلایەن پەرلەمانەوە وەك (پڕۆژە) "پەسەندکراوە" ئەو سیفەتی قانوونی هەیە! لەو باوەڕەدام هیچ قانوونناسێك ناتوانێت بڵێت پەرلەمان (پڕۆژە) پەسەند دەکاتو ئەو (پڕۆژە)ش بەو سیفەتەی بۆ چەند ساڵێك دەمێنێتەوە! پەرلەمان دەنگ بۆ پەسەندکردنی قانوون دەدات، نەك بۆ پەسەندکردنی مانەوەی (پڕۆژە)، بەڵام لەوە دەچێ لە پەرلەمانی ئێمەدا ئەو کارە ڕەوایە!

## کوردو کێشەی تەجاوز لەدوای پرۆسەی ئازادی:

لە کەرکوك کێشەی تەجاوز (زێدەڕەوی) لەسەر زەویو زاری میریو شارەوانیو ئەمو ئەو لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەستی پێکراوە، ئەم کێشەیە لە بەشی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا هەیە، ئەو خانوانە دیاردەیەکی ناشارستانیەتییەو سیمایەکی ناشرینی بە

کەرکوك داوە، هەروەها جێگای ڕەخنەیە لەلایەن دۆستو ناحەزانی کوردەوە، بەتایبەتی لە دەرەوەدا. لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەڕێز پارێزگای کەرکوك بە سەردانێکی فەرمی دەچێتە ئەمریکا، لەوێ چەند جارێك پرسیاری لێدەکرێت بۆ تەنیا لە گەڕەکە کورد نشینەکانی کەرکوك ئەو زێدەڕەویو خانووی تەجاوز دروستکراوە؟ چەند ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکیو ئەوروپی جارێکیان پرسیاری ئەو دیاردەیان لێکردم، هەروەها ئەو خەڵکەی لە کەرکوك نیشتەجێ بوون، پێشتر دانیشتوانی ئەو شارە بوون؟ وتم ناتوانم بڵێم هەموویان پێشتر لە شاری کەرکوك ژیاون، بەڵام هەموویان خەڵکی گوندەکانی نزیکی ئەو شارەن. گوندەکانیان ڕژێم تێکیداون، لە بەشێك لەو گوندانەدا ئێستاش عەرەبی هاوردەی تێدا ماوە، بۆیە ناتوانن بگەڕێنەوە جێگای خۆیانو خەریکی کاری کشتوکاڵی دەبن. کێشەکە ئەوان دروستیان نەکردووە، بۆیە ئەرکی حکومەتە ئەو گوندانەیان بۆ دروستبکاتەوەو هاوکارییان بکات تا بکەونەوە سەر کاری جارانی خۆیان بۆ دابینکردنی ژیانی کەسوکاریان.

**پ: کەرکوك بەرەو کوێ دەڕوات؟**

کەرکوكو هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا ماونەتەوە دەبێت بەهەموو شێوەیەك

هاوكـاری بكـرێن، ئـەوەش ئـەركێكی نەتەوەییـە. هـەموو لایـەك، لـە حكومـەتی ناوەنـدیو حكومـەتی هەرێمـەوە تـا لایـەنو گرووپـە سیاسییەكانو ڕێكخراوە مەدەنییـەكان، ئـەوە ئـەركی هەموویانـە. ئـەو دەسـتەی كـە لـە نیـسانی ٢٠٠٣دا پێـشنیازی دامەزرانـدنمان كردبـوو دروسـتكرابا، كارەكـان بـە شـێوەیەكی باشـتر بـەڕێوە دەچـوون، بـەپێی بەرنامـەو بـە هاوكـاری ئیـدارەی كـەركوكو ئەنجومـەنی پارێزگـا پـاش هەڵبژاردنی. ئەركەكانی ئەو دەستەیە بـەبێ هاوكـاریو پـشتگیری حیزبـە سیاسییەكان جێبەجێ ناكرێن، بەڵام بە مەرجێك حیزبایەتی نەخرێتە پـێش كوردایـەتیو دەست نەخرێتـە نـاو كاروبـاری ئیـدارەوە. ئێـستاش ئـەوەی نەكراوە دەتوانین بیكەین، بە پشتگیریكردن لە ئیدارەی كـەركوكو دەست نەخستنە ناو كاروباری ئیدارەوە، بـە پێـشكەشكردنی هاوكـاری سیاسـیو ماددی بۆ كاربەدەستانی كەركوك، بـە ئامـادەكردنی لیـستێكی نـوێ بـۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك، كە بڕیارە لەم نزیكانەدا ئەنجام بـدرێت، بـە مـەرجێك هاوكـاریكردنو بەشـداریكردنی نوێنـەرانی هـەموو گرووپەكانو كەسانی بێ لایەن لەو لیستەدا، بـەڵام كەسـانێكی ڕابـوردوو پـاكو شـارەزاو لێوەشـاوەبن. ئەگـەر ئـەو كـارە لـە ئێـستاوە هـەوڵی بـۆ نەدرێت، ئەنجومەنی داهاتووی كـەركوك وەك ئـەوەی ئێـستا نابێـت، ئـەم پێشنیازەم دەمێكـە خستووەتە بەرچـاو سـەركردایەتی سیاسـی كـوردی.

سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور، بە بەردەوامی هاوکاری لیژنەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەم کردووە، پڕۆژەی میکانیزمی کارکردنی لیژنەکە لەسەر داوای وەزیری ناوچە دابڕاوەکان لە ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦دا بۆم ئامادەکردووە، ئەوەش بە ئەرکی دەزانم. جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) بە مانای لە دەستدانی کەرکوکو بەشێکی زۆر لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دەخوێندرێتەوە.

پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان بەهۆی سیاسەتی چەوتی حکومەتەکانی بەغداوە تێکچووە، پێویستە هەوڵ بدرێت ئەو پەیوەندییە چاك بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوانو لەگەڵ کلدانو ئاسووریو عەرەبە ڕەسەنەکانی کەرکوك.

**ئایا تورکمان لەناو حکومەتی هەرێمدا سەبارەت بە ژمارەی کورسییەکانیان لە کوردستاندا، وەکو کەمایەتییەك، هەقی خۆیان وەرگرتووە؟**

ئێستا تورکمان چەند کورسییەکیان لەناو پەرلەماندا هەیە، هەڵبەتە ئەو دەمەی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان کە تورکمانی لێیە دەگەڕێتەوە سەر هەرێم، ژمارەیان زیاتر دەبێت. لەو باوەڕەدام پاش گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کوردستان پێویستە هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم سەرلەنوێ ڕێکبخرێن، لەو هەڵبژاردنەدا نوێنەرانی تورکمانو ئاسووریو

کلـــدانو عـــــەرەبی کوردســـــتان بـــەپێی نفوســـــی ڕاســـــتەقینەی خۆیـــــان هەڵدەبژێردرێن، هەڵبەتە زیاتر دەبن.

ئەرکی ئێمەیە قەناعەت بە تورکمانو نەتـەوەکانی دیکـەی کوردسـتان بکەین کە بەرژەوەندییان لەگـەڵ ئێمەدایـەو ئـەوانیش بەشـێکن لـە گـەلی کوردستانو لە دەستووری هەرێمدا هـەموو مـافو ئەرکـەکانیان بـەڕوونی دیاری دەکرێنو دەچەسپێنرێن. ئەگەر ناتـەباییو کـاری توندوتیـژی لـەنێو نەتەوەکانی کوردسـتان ڕوویانـدابێت دەسـتێکی دەرەکـی لـە پاڵدا بـووە. کاتی ئەوە هاتووە نەتەوەکانی کوردستان بە هاوکاریو پێکـەوە ژیـانێکی باشتر بۆ نەوەکانی ئەمڕۆو پاشـەڕۆژ دابین بکـەن، کۆمـەڵگای کوردسـتان ببێتە نموونە بۆ کۆمەڵگاکانی ناوچەکە.